# هاکەلەسەر ئەیرەقیب گیراین،،،،،،
# لەکوردستانی قەدەرا

رزگار رانگور



هەزاران گرفت ئێخەی خەڵکی گرتوە ، نیشتمان و هەموو پرسیارەکانی بەهەڵواسراوی ماوەتەوە ، راپۆرتی پیاوێکی خانەنشین زیرەی بەسەرانی کورد کرد لەوانەکانی مێژوودا سفرمان هێنا ، نەلەکۆچ و رەو و نەلەهەڵدێرو ئاش بەتاڵەکاندا فێری وانەیەکی جدی بووین، ئێمە هەمیشە بچوک لەبەردەم بێگانەدا خەریکە دەبینە هەڵم و وون دەبین ، لەکوردستاندا سەدان گرفتی کۆمەڵایەتی هەیە و ترس بۆتە مارەکەی مام هۆمەروو لەگەردنی تاکەکانی کۆمەڵ ئالاوە، پێش چەند ساڵێک کەکوردستان و عێراق بایکۆت کرابوو، هەژاری گەیشتبۆ لوتکەو خەڵکی بەدوای دەراسەکاندا گوڵە گەنمی کۆدەکردەوە و شتەبەهاکانیان لەسەر شەقامەکان هەراج دەکرد و شەری ناو خۆش حورمەتی بۆ کەسمان نەهێڵابۆوە و دامەزرێنەرانی شەریش وەک هەموو خۆفرۆش و فایل دارەکان و سیخوران وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچون وبگرە پلەو پایەشیان وەرگرت و گەورەش بوون و لەژێر رەحمەتی چەپڵەشدا خەریکە شەرمەزارمان دەکەن و قەرزار بار،،، کورد دەڵێ کەکورد پارەی بوو( یان پیاو دەکوژێت یان ژن دەهێنێت) جابەراستی وایە لەم کاتەدا کەکوردستان لەبەردەمی قەدەرێکی گەورەدا وەستاوەو فرۆکە جەنگێکانی ئەمەریکا خەویان لە خەڵک هەراسان کردوە و بەئارەزووی خۆیان تەقە لەخەڵکی سڤیل دەکەن و دەچنەناو زانکۆکانەوە بۆ چاوبازی و لەسەر ئاوی دوکان خۆیان هەڵدەخەن و بە دوو رۆژ لەقەرەداخ هەوار هەڵەدەن و کەبەرێگاشدا رۆشتن دەبێ پێشیان نەکەوین و تورەکەش دەکەن بەسەر هەموو ئەوانەش دا کەخۆیان ئارەزووی نەکەن ، جگە لەخۆڵ و پیسی و گەندەڵی و بێ کاری و هاتنی سەدان کۆنە بەعسی عەرەب ولەشکری لەش فرۆش و مامۆستای عەرەب بۆ منداڵانی کورد و کردنەوەی دەیان قوتابخانەی عەرەبی لەکوردستان و راکێشانی کارەبا یی بەردەوام بۆ مردۆکانی سەرقەبران و دیسان ناردنی لەشکری کورد بۆ راگرتنی ئارامی شاری بەغداد وتاک و برا هەمیشە گەورەکانمان رازی بن لێمان و بۆفریو دانی خەڵکیش دەڵێین ئەمانە پێشمەرگە نین و سوپای لەشکری عێراقن ، من گومانم نی یە کەئەمانە پێشمەرگە نین هەر لەدوای ساڵی 1991وە واتە لەدوای راپەرین ، پێشمەرگە بەسەر کەسدا لەو چەکدارانەدا ناگونجێ گەورە یی پێشمەرگە زۆر مانای چر تری هەیە .

بەڵام ئەمانە کوردن و کوردیش نابێ خوێنی بەفیرۆ بدرێت بۆ ویستی چەند بازرگانێک ، ئەوەتا رۆژنامەی ئاوێنە لەدەمی گەنجێکەوە دەڵێ ئێمە کەسمان ئارەزووی ئەوە ناکەین بچینە بەغداد ، باشە ئەم لەشکرە بۆ نانێرنە کەرکوک و موسڵ ؟ چەندە پرسیارێکی منداڵانەیە ،، لەسەروو ئەم هەموو ئاڵۆزیەشەوە ئەیرەقیب مارشی کوردستانی کە لە کۆماری مهاباتەوە کوردی پێ گۆش دەکرێت دەستی نرایە بینی و هۆنراوەیەکی لاواز وەک کوردستان پۆست دەڵێ ناوی شێرکۆبێکەسی لێبکەیتەوە کەس بەعانەیەک نایکرێ و هەزاران پەرەشی لێ چاپ کەیت بەس دەیکەنە لولەی گلۆبەرۆژەو کاغەزی شێلم فرۆش . جگە لەمەش بروانە چۆن پارەی ئەو ووڵاتە بەهەدەر دەدرێت ( 120کەس کۆرس بێت ولەدەرەوەی ووڵات ) داخۆ چەندی تێ دەچێت من نازانم شێرکۆی گەورە بۆ ئەمەی قبوڵ کرد ...؟ دەسکاریکردنی مێژوو خیانەتە ،، بەڵام ئەوانەی کەنەیان وێراوە ئەیرەقیب بڵێن وگۆش نەبون پێ ی و لەمانای قوڵی تێ ناگەن وحورمەتیان بۆ ئەوهەموو خوێنەنی یەکەبەدەم سروودی ئەیرەقیبەوە دەرچوە،

یان لەدووری کوردستان بوون لایان سانایيە کەئەیڕەقیب دەگۆڕن چونکە ، ئەوانە ئایدۆلۆژیاش وەک گۆڕەوی دەگۆڕن چ جای ئەیڕەقیب ، وەدەنگۆی ئەوەش هەیە سرودی کوردستان لەڤیستڤاڵدابەشدار دەبێت و دوای ئەوەش هێواش هێواش دەیکەنە خۆراکی خەڵک کاتی خۆی یەکێ لەسەررانی کورد ووتی 24 ووڵاتی عەرەبی هەیە با چوار ووڵاتی کوردیش هەبێت، ،بەعسێکان بەهەموو فاشتیانەوە نەیان توانی ئەی ڕەقیب زەوت کەن مخابن خۆمان کردمان ، پێش ماوەیەک شالیاری ڕۆشبێری ووتی ئەیڕەقیب دەست تێوەردەن من واز دەهێنم بزانین وایە یان نا ؟ من دڵنیام ماوەیەکی تر ئەیڕەقیب قاچاغ دەبێ و دەبێ لەماڵە داخراوەکانمانا بیڵێین و ئەیڕەقیب دەبێتە ئەو بەڵایەی لەسەری دەگیرێین ،،،،،

یەنیوەری2007